*** ئاستی یاریی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا ئەم یارییە لە ئاستێکی زۆر باشدایە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم، تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

-بێگومان کەمیی چالاکییەکانی فوتساڵ هۆکارە بۆ کەمیی بەرەوپێشچوونی وەرزشی کچان لە کوردستان.

*** بۆ ئەوەی ئاستی یاریی فوتساڵ بەرز ببێتەوە، چی بکرێت باشە؟**

- هاوکاریی ماددی و مەعنەویی یانەکان بکرێت و بە بەردەوامی خول بکرێتەوە و چالاکیی زیاتر ئەنجام بدرێت.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا رەنگدەداتەوە؟**

-کەمیی توانای دارایی و کەمیی کردنەوەی خول بۆ کچان، زیاتر گرنگیدان بە کوڕان لە چاو تیپەکانی کچان، ئەوانە هەمووی گرفتە.

*** لەهیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەشکراوە؟**

-تاکو ئێستا نەخێر.

***وەك یاریزانێك بۆ داهاتووی خۆت بەرنامەت چییە؟**

-پشتیوان بە خودا هەر لەگەڵ یانەکەی خۆمان (دووکان)بەردەوام دەبم، بەو هیوایەم یانەکەمان ببێتە پێشەنگ لە کوردستان و کار بۆ ئەوە دەکەین.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس چییە؟**

- داواکارم گرنگی بە وەرزشی کچان بدرێت، کچانیش هیچیان کەمتر نییە لە کوڕان هەتاکو گرنگی بە وەرزشی کچان نەدرێت، هیوادارم بەرپرسانی وەرزشی چاوێك بە وەرزشی کچاندا بخشێننەوە و هۆڵێکی داخراویش بۆ یانەی دووکان دابین بکرێ، چونکە هیچ هۆڵێکی وەرزشیمان نییە.

*** هەستت چۆنە بۆ ئەوەی لەم یارییە هەڵبژاردەی کوردستانیش دابمەزرێ؟**

## هۆزان فایەق

### یاریزانی فوتساڵی یانەی دووکان:

# هیوادارم هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێ و منیش یەکێک بم لە یاریزانەکانی ئەو هەڵبژاردەیە

دیمانە: کارزان کانەبی   فۆتۆ: هونەر یەعقوب



-بێگومان ئەوە خەونی من و هەموو کچە یاریزانەکانی دیکەیە کە یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەین، هیوادارم هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکرێ و منیش یەکێک بم لە یاریزانەکانی ئەو هەڵبژاردەیە.

*** وەکو یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەون و هیوای من ئەوەیە رۆژێك بێت لە کوردستان وەرزش بەرەوپێش بچێت و منیش یەکێك بم لە یاریزانانی وڵاتەکەم تا بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم.

***بە کام یاریزانی جیهانی سەرسامیت؟**

- نیماری بەرازیلی.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە ماندوونەناسانە لە خزمەتی وەرزشدایە و بە بەردەوام وەرزشکاران بەسەر دەکاتەوە.

**قەزای دووکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە یارییە وەرزشییەکاندا خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆرە، تیپی فوتساڵی یانەکەش یەکێکە لەو تیپانەی کە بۆ داهاتوو چاویان لە بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەیە، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری قەزای دووکان، تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی لەم وەرزە و بەم کچە یاریزانانە بتوانێت کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە لە خولی فوتساڵی نایابی کوردستان بکات، لۆزان فایەق لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی قەزای دووکانە و یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

# پێشمەرگەی هەولێر
# نازناوی خولی نایابی کوردستانی بەدەستهێنا

دوای ئەوەی ئەمساڵ بە بەشداریی ١٤ یانەی شارەکانی کوردستان خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە نێوان یانەکان بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانی ١٨٢ یاری لە سەرجەم یارییەکانی خولەکە و کێبڕکێکردنی بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دواجار یانەی پێشمەرگەی هەولێر بە لێهاتوویی یاریزانانەکانی و دەستەی ڕاهێنەران، توانی نازناوی خولەکە بۆ خۆی یەکلایی بکاتەوە و قەڵغانی خولەکە بهێنێتەوە پیرمام، یانەی پێشمەرگەی هەولێر لە کۆی ئەنجامدانی ٢٦یاری لەسەرجەمی خولەکەدا توانی لە ١٤یاری سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، لە شەش یاری یەکسان بووە و لە شەش یاریش دووچاری شکست بووە، بەوەش توانی بە کۆکردنەوەی ٤٨خاڵ ببێتە پاڵەوانی کوردستان و، یانەی نەورۆزیش بە کۆکردنەوەی ٤٤خاڵ پلەی دووەمی بەدەستهێنا، هەریەك لە یانەکانی ئاکرێ و گازی باکووریش دابەزین بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، دیار عەلی یاریزانی یانەی نەورۆز بە کۆکردنەوەی ٢٠ گۆڵ بووە گۆڵکاری خولی نایابی یانەکانی کوردستان.

# ئامانج فەخرەدین
# کۆتایی بە ژیانی وەرزشیی خۆی هێنا



ئامانج فەخرەدین بەرگریکاری یانەی وەرزشیی ئارارات ماوەی چوار وەرزە بە درێژایی خولەکانی کوردستان لە ریزی یانەکە توانیویەتی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، ئەمساڵیش لەگەڵ یانەکەی پیرمام توانی پلەی سێیەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، دوای کۆتایی یارییەکانی وەرزی ئەمساڵ و دوای نزیکەی بیست ساڵ لە وەرزشکردن لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی (هەولێر، بروسك، پێشمەرگەی هەولێر، ئاسۆ، زاخۆ، گازی باکور، ئارارات) بڕیاری وازهێنانی لە یاریکردن دا، لەبارەی هۆکاری وازهێنانەکەشی ئامانج فەخرەدین بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوە بڕیاری کۆتاییمە و وازم لە یاریکردن هێنا، تاکو ئێستاش بیرم لەوە نەکردۆتەوە بگەڕێمەوە ناو یاریگاکان.» گوتیشی: «بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ لە خزمەتی وەرزشی کوردستان بووم و چەندین ئەنجامی باشم لەگەڵ یانەکان بەدەستهێناوە». لەباری ئاستی یارییەکانی کوردستانیش گوتی: «ئاستی خولی نایابی کوردستان زۆر باش بووە لە رووی کێبڕکێکردن، بەڵام ناکرێ خول ئەو هەمووە دواخستنەی تێدابێت، ناکرێت خولێکی گەورە دەستپێك و کۆتایی یارییەکانی دیار نەبێت، لە رووی کاتیشەوە زۆر کەموکوڕی هەبوو». لەبارەی رووکردنە کاری مەشق و ڕاهێنەرایەتی گوتی: «لە ئێستا بیرم لە کاری ڕاهێنەرایەتی نەکردۆتەوە، دەمەوێ ئەم ماوەیە پشوو بدەم».



# شەقڵاوە و چەمچەماڵ خۆیان بە خولی پلە یەکی کوردستان گەیاند

هەریەك لە یانەکانی شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر و چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی دوای ئەوەی ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی تۆکمە و کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرزەوە توانییان بەشداری لە کێبڕکێی خولی یانە پلە دووەکاندا بکەن، خولەکە بە بەشداری ١٢ یانەی شارەکانی کوردستان کە دابەشکرابوون بەسەر دوو کۆمەڵەدا یارییەکانیان ئەنجامدا، دوای ئەنجامدانی چەندین یاریی ئاست بەرز لە نێوان تیپەکانی بەشداربووی هەردوو کۆمەڵە، یانەی شەقڵاوە دوای ئەنجامدانی پێنج یاری بە کۆکردنەوەی ١٢ خاڵ بە جیاوازیی گۆڵ لەگەڵ یانەی پیشەسازی، توانی سەرکەوێت بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، یانەی چەمچەماڵیش لە کۆمەڵەی یەکەمی پارێزگای سلێمانی دوای ئەنجامدانی پێنج یاری لە خولەکە بە کۆکردنەوەی ١٢ خاڵ بە جیاوازیی گۆڵ لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی بازیان و رانیە، توانی پلێتی سەرکەوتن بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، یانەی چەمچەماڵ دوای چوار ساڵ لە چاوەڕوانی جارێکی دیکە توانی خۆی بگەینێتەوە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ئەویش دوای ئەوەی ساڵی ٢٠١٥بە سزای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان تیپەکە دابەزێنرا بۆ ریزی یانە پلە دووەکانی کوردستان، ئەمساڵ یانەی چەمچاڵ بە راهێنەرایەتیی (هەرێم کەلاری ) راهێنەری یانەکە و ئەستێرەی پێشووی یانەی نەورۆز، توانی جارێکی دیکە یانەکەی دەڤەری ئەنفال بگەڕێنێتەوە بۆ خولی پلە یەك و یانەکەش لە وەرزی نوێ خەونی زیاتری هەیە.



# ناوبژیوانی کۆتایی چامپیۆنزلیگ دەست نیشان کرا

بە شێوەیەکی فەرمی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا دامیر سکۆمینای وەکو ناوبژیوانی یاری کۆتایی خولی یانەکانی ئەورووپا دەست نیشانکرد.

ماڵپەری فەرمی یەکێتی تۆپی پێ ئەورووپا ناوبژیوانی یاری کۆتایی خولی یانەکانی ئەورووپا ئەم وەرزەی نێوان هەردوو یانەی ئینگلیزی لیڤەرپول و تۆتنهام دیاریکرد و دامیر سکۆمینای سلۆڤینی وەکو ناوبژیوانی یارییەکە دیاریکردووە.

سکۆمینای ٤٢ ساڵ ئەم وەرزە چوار یاری خولی یانەکانی ئەورووپا بەڕێوە بردووە، لەوانەش یاری نێوان یانەکانی (پاریس سانت جێرمان و مانچستەر یۆنایتد)، (ئەیاکس و ریال مەدرید)، (لیڤەرپول و ناپۆلی) و(هۆفنهایم و مانچێستەر سیتی).

هەروەها ئەم ناوبژیوانە جاری یەکەمە وەکو ناوبژیوانی یاری کۆتایی خولی یانەکانی ئەورووپا دەست نیشان بکرێت.

بریارە یاری کۆتایی خولی یانەکانی ئەورووپا سەرەتای مانگی داهاتوو لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا و لە یاریگەی واندامیترۆپۆلیتانۆی تایبەت بە ئەتلێتیکۆ مەدرید لە نێوان تۆتنهام و لیڤەرپول بەڕێوە بچێت.






## دی رۆسی رۆما جێدەهێڵێت

دی رۆسی ئیتاڵی دوای ١٨ ساڵ یاریکردن ریزەکانی یانەی رۆما جێدەهێڵێت و روودەکاتە یانەیەکی دیکە.

یانەی رۆما بە فەرمی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، کە دی رۆسی لە کۆتایی ئەم وەرزە لە یانەکەیان دەڕوات.

دی رۆسی ماوەی هەژدە ساڵە بە درێسی رۆما یاری دەکات، لە دوای تەواوبوونی یارییەکانی خولی ئیتاڵیا ئەو یاریزانە ریزەکانی یانەکەی جێدەهێڵێت.

میدیاکانی ئیتاڵیا بڵاویانکردووە دی رۆسی دەیەوێت یانەیەکی دیکە تاقی بکاتەوە و هاوشێوەی تۆتی هاورێ و کاپتنی پێشووی یانەکە، بە یەکجارەکی واز لە یاریکردن ناهێنێت.

ئەم بڕیارەی دی رۆسی لە کاتێکدایە، کە ئێستا تەمەنی ٣٥ ساڵە تا ئێستا زیاتر لە ٦٠٠ یاری لەسەرجەم پاڵەوانێتی و یارییە دۆستانەکان ئەنجامداوە و ٤٣ گۆڵیشی تۆمارکردووە.

# زێدان کوڕەکەی خۆی هەڵبژارد

ریال مەدرید بڕیاری داوە ئەم هاوینە کەیلۆر ناڤاسی گۆڵپارێزی یانەکەی بفرۆشێت و تیبۆ کۆرتوا بکاتە گۆڵپارێزی سەرەکی یانەکەی.

رۆژنامەکانی ئیسپانی ئاشکرایانکردووە، زینەدین زیدان بە کەیلۆر ناڤاسی گۆڵپاریزی کۆستاریکی یانەکەی راگەیاندووە وەرزی داهاتوو بەشێک نابێت لە پلانەکانی و پشتی پێ نابەستێت، بۆیە داوای لێکردووە ئەم هاوینە ریزەکانی ریال مەدریدی بەجێبهێڵێت و یانەیەکی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە، لە بەرامبەردا لوکا زێدان شوێنی دەگرێتەوە و دەبێتە گۆڵپارێزی دووەمی ریال مەدرید.

بەگوێرەی سەرچاوەی رۆژنامە مەدریدییەکان، بەرپرسانی ریال مەدرید داوایان لە ناڤاس کردووە لە بەرانبەر مانەوەی لە ریال مەدرید مووچەی ساڵانەی کەم بکەنەوە، بەڵام ناڤاس بەم پیشنیارە رازی نەبووە. مووچەی ساڵانەی کەیلۆر ناڤاس لە ریال مەدرید ٦٠ ملیۆن یۆرۆیە.

پێشتریش ناڤاس تاکو دوایین خولەکەکان نزیکبوو بەرانبەر کڕینی دێ خیا و بڕێک پارە لە ریال مەدریدەوە بچێتە مانچستەر یۆنایتد، بەڵام لە دوایین ساتەکان بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکی گرێبەستەکە سەری نەگرت و لە ریال مەدرید مایەوە.

